زانكۆی نێودەوڵەتی تیشك
TISHK INTERNATIONAL UNIVERSITY

KURDISTAN ENGINEERS UNION
سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION

---

## یادداشتی لێكتێگەیشتن و هەماهەنگی هاوبەش(مذكرة التفاهم والتعاون المشترك) لە نێوان {سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان} و {زانكۆی نێودەوڵەتی تیشك- هەولێر}

### سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان:

دامەزراوەیەكی پیشەیی ئەندازیاریە. كەسایەتی مەعنەوی خۆی هەیەو لە رووی كارگێری و داراییەوە سەربەخۆیە. بەپێی یاسای ژمارە 15ی ساڵی 1999 دامەزراوە . ئامانجی رێكخستنی دەستدانە پیشەی ئەندازیاری و رێكخستنی كارو چالاكی ئەندازیاران و بەرزكردنەوەی رادەی زانستی و كۆمەڵایەتی ئەندازیارانە لە هەرێمی كوردستان.

**ناونیشان:** هەولێر، شەقامی 60مەتری ، بەرامبەر باریگای نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری.

بەڕێز ئەندازیار (عبدالرحمن علي كوردە) نەقیبی ئەندازیارانی كوردستان ، نوێنەرایەتی دەكات.

### زانكۆی نێودەوڵەتی تیشك-هەولێر:

دامەزراوەیەكی ئەكادیمی كەرتی تایبەتە لە هەرێمی كوردستان ، مۆڵەتی كاركردنی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی 2008 وەرگرتووە , (8) كۆلێژ و (29) بەش لە پسپۆرە جیاوازەكان لە خۆ دەگرێت بە(9) بەشی كۆلێژی ئەندازیاری (تەلارسازی، شارستانی، كۆمپیوتەر، دیزاینی ناوەخۆ، رووپێوان و جۆماتیكس، نەوت و كانزاكان میكاترۆنیكس ، فرۆكەوانی ، و پێترۆ كیمیایی) وە.

**ناونیشانی زانكۆ:** هەولێر– شەقامی 100مەتری.

بەڕێز دكتۆر (د. ادریس هادی صالح) سەرۆكی دەستەی ئەمینداران , نوێنەرایەتی دەكات.

### ئامانجی رێكەوتن

لەبەربوونی ئامانجەكان بۆ پیشەیەكی هاوبەش لە كاروچالاكی هەردوولا ئەویش(ئەندازیاری)ە، لایەنی یەكەم (سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان)وەك دامەزراوەیەكی پیشەیی تایبەت بە كاروچالاكی ئەندازیاران , لایەنی دووەم (زانكۆی نێودەوڵەتی تیشك) وەك دامەزراوەیەكی ئەكادیمی پێگەیاندنی ئەندازیار، لە پێناو ئاشناكردنی قوتابیان و خوێنكارانی بەشە ئەندازیاریەكانی زانكۆ بە بازاری كاری ئەندازیاری ، لەلایەن لایەنی یەكەمەوە ، هەروەها سوود وەرگرتنی ئەندازیارانی ئەندامی سەندیكا لە ئەزموونی مامۆستایانی پسپۆری بەشە ئەندازیاریەكانی زانكۆ و ناساندنی ئەندازیارانی هەرێمی كوردستان بە ئەندازیاران و زانكۆكانی جیهان بۆ پەیداكردنی هەماهەنگی زانیاری و هەلی كار، لە لایەن لایەنی دووەمەوە ، ئەم یاداشتی لێكتێگەیشتن و هەماهەنگیە لە نێوان هەردوولا ئەنجام درا.

زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک
TISHK INTERNATIONAL UNIVERSITY

KURDISTAN ENGINEERS UNION
سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION

## ماددەی یەکەم
## پرەنسیپە گشتییەکان

1. هەردوولا، لەو بوارانەی کە بەرژەوەندی گشتی دەگرێتەوەو دەکەونە چوارچێوەی پسپۆڕیان ، لەسەر بنەمای ڕێزی دوو لایەنە هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی ئەنجام دەدەن.
2. هەردوولا لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراق و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەو یاسا فیدراڵیانەی لە هەرێمی کوردستان بەرکارخراون ، چالاکی ئەنجام دەدەن.
3. هەردوولا باوەڕیان بە یەکسانی دەرفەت هەیە و چالاکییەکانیان لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان ئەنجام دەدەن و هەماهەنگی کاری پیکەوەییان بۆ خزمەتی ئەندازیاران دوورە لە جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز، ئیتن ، ئایین، مەزهەب ، رەنگی پێست و باکگراوندی سیاسیو .. هتد.
4. رەزامەندی هەردوولا پێویستە بۆ بەشداری پێکردنی لایەنی تری هاوشێوە بۆ کارێك یان زیاتر بۆ هەر پرۆگرامێك ئەگەر بە گرنگ زاندرا.

## ماددەی دووەم
## فۆرمەکانی هەماهەنگی

هەردوولا لەم بوارانەی خوارەوە کاری هاوبەش و هەماهەنگی ئەنجام بدەن:

1. ئەنجامدانی سیمینار و وۆرك شۆپی هاوبەش لە بوارەکانی پسپۆڕە جیاجیاکانی ئەندازەیی و بەرێوەبردن بە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان و جیهانو گۆڕانکاریە زانستیەکان لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی توانا زانسیتەکانی ئەندازیارانی کوردستان ، بە سوود وەرگرتن لە پسپۆڕان و ئەندامانی هەردوولا.
2. ئەنجامدانی سیمینار بۆ قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی کۆتایی بەشە ئەندازیاریەکانی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆ لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە بۆ ئاشناکردنیان بە قۆناغی دوای زانکۆ و بازاری کاری ئەندازیاری و کاری سەندیکایی.
3. بەرێوەبردنی خوولی جۆراوجۆری راهێنانی ئەندازەیی و بەڕێوەبردنی پرۆژە بۆ ئەندازیاران و قوتابیانی دوا قۆناغەکانی بەشەکانی ئەندازیاری لە زانکۆو کەسانی تر بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و پسپۆڕی ناوەخۆیی و هێنانی پسپۆڕی دەرەگی لە کاتی پێویستدا.
4. بڵاوکردنەوەی کارو چالاکی هەردوولایەن لە بواری ئەندازیاری لە ماڵپەری هەردوولا بۆ ئاشناکردنی زیاتری ئەندازیارو هاووڵاتیانی کوردستان و جیهان.
5. سوود وەرگرتن لە مامۆستایانی زانکۆ بۆ کاروباری سەندیکایی.
6. بانگهێشتنامە گۆڕینەوە لە نێوان هەردوولایەن بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانس و چالاکیەکانی هەردوولایەن بەتایبەتی بواری ئەندازیاری.

زانكۆی نێودەوڵەتی تیشك
TISHK INTERNATIONAL UNIVERSITY

سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION

## ماددەی سێیەم
## ڕێوشوێنەكانی جێبەجێكردن

بۆ جێبەجێكردنی فۆرمەكانی هەماهەنگی كە لەم ڕێكەوتنە ئاماژەیان بۆكراوە ، لیژنەی هاوبەش لەلایەن هەردوولا پێك دەهێنریت بۆ ئامادەكاری و خەملاندنی خەرجیو پێداویستیەكان بۆ هەرچالاكیەكی هاوبەش بە ڕێگای دەست نیشانكردنی ڕێكخەر (منسق-coordinator) لە لایەن هەردوولا.

## ماددەی چوارەم
## بەركارەكان

1. ئەم یاداشتە بۆماوەی (3) ساڵ بەركار دەبێ و هەریەكێك لەلایەنەكان دەتوانن داوای هەڵوەشاندنەوی بكەن پاش ئەوەی دەرفەتێكی (30) ڕۆژی بەنووسراو دەدەنە لایەنی بەرامبەر لەسەر بنەمای قەناعەتێكی گونجاو بۆی.
2. ئەم یاداشتەدەتوانرێت بەرەزامەندی هەردوولا لەسەر داوای نوسراوی هەریەكێك لەلایەنەكان نوێ بكرێتەوە.
3. ئەم یاداشتە بۆ هەردوولا ڕێگرنیە لە ئەنجامدانی یاداشتی هاوشێوە لەگەڵ لایەنی تر.
4. ئەم یاداشتە دەچێتە بواری جێبەجێكردن لەرۆژی پەسندكردنو واژووكردنی لەلایەن هەردوو لاوە.

## ماددەی پێنجەم و كۆتایی
## وێنەی بنەرەتی یادداشت

ئەم یادداشتی لێك تێگەیشتن و هەماهەنگی هاوبەشە بەزمانی كوردی و ئینگلیزی بەدوو كۆپی ئامادەكراوەو لە مەراسیمێكی شایستەدا لە رۆژی (دووشەممە)ڕێكەوتی(2022/5/23)لەسەرۆكایەتی زانكۆی نێودەوڵەتی تیشك-هەولێر لەلایەن هەردوو لاوەواژوو كرا.

د. ادریس هادی صالح
سەرۆكی دەستەی ئەمینداران
هەولێر- 2022/5/23

عبدالرحمن علی كوردە
نەقیبی ئەندازیارانی كوردستان
هەولێر- 2022/5/23